التحالف للتعويضات العادلة
C4JR
Coalition for Just Reparations
هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

- به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە  لە ماوەی ململانێی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش)دا لە عێراق چەندین پێشێلکاریی کراون لە مافەکانی مرۆڤدا بەرامبەرخەلکی کۆماری عێراق ،

- وە بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە داعش بەدیارییکراوی چەند پێکهاتەیەکی ئایینی و نەتەوەیی لە عێراق کردبووە ئامانج، وەک ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان و شەبەک و کاکەیی، هەروەها بە دانان بەو ڕاستییەدا کە مەترسیدارترین تاوانە نێودەوڵەتییە گەورەکان بەرامبەر ئەندامانی ئەم پێکهاتانە ئەنجام دراون و ئەو تاوانانە لەخۆ دەگرن کە دەگەنە ئاستی تاوانی جینۆساید،

- بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستیەی کە حکومەتی عێراق سورە لەسەر چارەسەر کردن و رێگری کردن لە دوبارە بونەوەی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییدار بە ململانێکان،

- بە درکردن بەوەی کە ئەو شێوازە مامەڵەکردنانەی کە بایەخ بەڕزگاربووان دەدات، دەتوانن بە باشترین شێوە  کاریگەرییەکانی توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییدار بە ململانێ و پێشێلکارییە گەورەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ کەم بکەنەوە،

- بە دانان بە ئازایەتیی ڕزگاربووان، بەتایبەت ژنانی ئێزیدی، کە وایان کرد ئەو توندوتیژییە سێکسییەی داعش ئەنجامی دا لە ئاستی عێراق و لە ئاستی نێودەلەتی بناسرێت،

- هەروەها بە تێبینیکردنی بەیانی هاوبەشی نێوان کۆماری عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕێگرییکردن و بەرەنگاربوونەوەی  توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییدار بە ململانێوە (٢٠١٦) لەگەڵ پەیماندانی دەوڵەتی عێراق بە دابینکردنی قەرەبوو بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و منداڵەکانیان،

- بۆ دڵنیابوونەوە لە چارەسەری پێویست لەکاتی گونجاو بۆ ئەو پێشێلکارییە گەورانەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ، کە لە کاتی ململانێ لەگەڵ داعش لە عێراق ئەنجام دراون، هەروەها پێشێلکارییە گەورەکانی یاسا مرۆییەکان— ئەمە جگە لە توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییدار بە ململانێوە

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم یاسایە دەر دەکات:

# یاسای قەرەبووکردنەوە بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییدار بەو ململانێیانەوە کە لە سەردەمی داعشدا لە عێراق ئەنجام دراون

## مادەی ١
## پێناسەکان

"**توندوتیژیی سێکسی پەیوەندییدار بە ململانێوە CRSV**" واتا لاقەکردن، کۆیلایەتیی سێکسی، بازرگانییکردن بە کەسەکانەوە بە مەبەستی توندوتیژیی سێکسیی و چەوساندنەوەی سێکسی، بەزۆر لەشفرۆشیی پێکردن، دووگیانکردنی زۆرەملێ، بەزۆر منداڵ پێلەباربردن، بەزۆر نەزۆککردن، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و هەر شێوازێکی دیکەی توندوتیژیی سێکسی هاوشێوە کە لەکاتی یان لە پاش ململانێی سەربازییەوە سەرچاوە بگرێت و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەو ململانێیەوە هەبێت[1] .

"**توندوتیژیی سێکسی لەسەر بنەمای جێندەری SGBV**" هەر کردارێک دەگرێتەوە کە دژ بە ئیرادەی کەسێک ئەنجام دەدرێت و پاڵپشت بە پێوەرە جێندەرییەکان و پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی هێز دەبەستێت. ئەمەش توندوتیژیی جەستەیی و سۆزداریی و دەروونی و سێکسی دەگرێتەوە، لەگەڵ بێبەشکردن لە سەرچاوەکان یان دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان[2].

"**ڕزگاربوو**" واتا هەرکەسێک کە بەشێوەی تاک زیانێکی پێ گەیشتووە، جا بە زیانی جەستەیی، هزری، ئازاری سۆزداریی، زیانی ئابووری یان پێشێلکردنی گەورەی مافە سەرەکییەکانیان لەڕێگەی ئەو توندوتیژیی سێکسییانەی پەیوەندییدارن بە ململانێوە و لە کاتی ململانێکانی داعشدا لە عێراق ئەنجام دراون

"**کەسوکاری ڕزگاربووان**" واتا کەسوکاری پلە یەکی ڕزگاربوو یان ئەو ئەندامانەی کە ڕزگاربوو بەرپرسە لە بەخێوکردنیان.

"**تاوانبار**" ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەندامی ئەو لایەنە چەکدارانەن – جا چ سەر بە دەوڵەت بن یان نا – کە لە کاتی ململانێی چەکداری لەگەڵ داعش لە عێراق بەشدار بوون و ڕۆڵیان گێڕاوە یان بە ناوی ئەو لایەنانەوە یان لەبری ئەوان ڕەفتاریان کردووە و کرداری توندوتیژیی پەیوەندییداریان بە ململانێوَە ئەنجام داوە.

[1] بۆ پێناسەی تەواو سەیری United Nations' Secretary-General's annual report to the Security Council on CRSV, UN Doc No. S/2019/280 (29 March 2019لاپەڕە ٤ بکە .
[2] بۆ پێناسەی SGBV سەیری UNHCR Emergency Handbook بکە

"**قەرەبووکردنەوە**" واتا ئەو سوودانەی پێشکەش بە ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییدار بە ململانێوە دەکرێن کە لە ماوەی ململانێی لەگەڵ داعش لە عێراق بوونەتە قوربانی، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو زیانەی بە هۆی ئەو توندوتیژییەوە تووشیان بووە.

"**ململانێ لەگەڵ داعش لە عێراق**" واتا ماوەی نێوان ٢٠١٤/٦/٩ بۆ ٢٠١٧/١٢/٩ کاتێک داعش بە شێوەیەکی کاریگەر بەشێک لە خاکی عێراقی بەڕێوە دەبرد. ئەو کەسانەش کە لەو ماوەیەی ئاماژەی پێ درا دیل کراون یان ئەوانەی بازرگانیان پێوەکرا پاشان براونەتە دەرەوەی عێراق و لەدوای ٢٠١٧ەوە ئازاد کراون یان هێشتا ئازاد نەکراون، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ، بە "ڕزگاربوو" دادەنرێن.

**مادەی ٢**

**بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان**

(1) بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ کاروباری ڕزگاربووان دادەمەزرێنرێت و دەلکێندرێت بە ئەمینداریَتي گشتی ئەنجوومەنی وەزیران.

(2) بنکەی سەرەکیی بەڕێوبەرایەتییەکە لە قەزای شەنگال دەبێت لە پارێزگای نەینەوا. بەڕێوبەرایەتییەکە نووسینگەی تر دەکاتەوە کە دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دەدرێت بەناوی بەڕێوبەرایەتییەکەوە لەو ناوچانەدا کار بکەن کە بۆ ڕزگاربووان بەردەستن، هەروەها میکانیزمێک دادەڕێژێت تا ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێبونە لەم یاسایە سوودمەند بن.

(3) بەڕێوبەرایەتییەکە کەسایەتییەکی یاسایی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی تایبەت بەخۆی دەبێت.

(4) بەڕێوبەرایەتییەکە سەرچاوەی پێویستی بۆ دابین دەکرێت لە لایەنی (دارایی و مرۆیی و لۆجیستی)

(5) بەڕێوبەرایەتییەکە بەڕێوبەری گشتی دەبیات بەڕێوە کە:

أ) ئەندامێکی کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان دەبێت— باشتر وایە مێینە بێت،

ب) بڕوانامەی سەرەکیی بڕوانامەی زانکۆ بێت لە یاسا، زانستە سیاسییەکان، دەروونناسی، کۆمەڵناسی یان هەر بوارێکی هاوشێوەی ئەوان،

ج) ئەزموونی پێنج ساڵی لە کارکردن لە بواری مافەکانی مرۆڤ یان خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی یان هاوکاری یاسایی یان ئەزمونی دادوەری هەبێت،

(6) بەڕێوبەری گشتی لەلایەن دەستەیەکەوە پاڵپشتی دەکرێت کە لە حەوت کۆمیسیار پێک دێت (دەبێت بەلایەنی کەمەوە سیانیان لە ڕەگەزی مێ بن) کە ئەندامی ئەو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازانەن کە ململانێکان لەگەڵ داعشدا کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبووە. دەشبێت هەر یەکەیان بەلایەنی کەمەوە سێ ساڵ ئەزموونی کارکردنی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا هەبێت.

## مادەی ٣
## ئەرکەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە

بەڕێوبەرایەتییەکە هەلدەستێ بە :

أ) هەماهەنگیی لەگەڵ نووسینگە حکومییەکان و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات، کە دۆکیومێنتی ئەو توندوتیژییە سێکسییەیان کردووە کە لەکاتی ململانێ لەگەڵ داعشدا لە عێراق ئەنجام دراون، ئەمەش بۆ ئەوەی زانیارییەکانیان تێکەڵ بە ئیشەکەی خۆی بکات،

ب) کۆکردنەوەی داواکاریەکانی قەرەبووکردنەوە کە لەژێر ئەم یاسایەدا پێشکەشیان دەکرێن و بڕیار لەسەر دروستییان بدات،

ج) ژمارەیەکی پێویست نووسینگەی لاوەکی تر بکاتەوە و دەسەڵاتی ئەوەیان پێ بدرێت بەناوی بەڕێوبەرایەتییەکەوە لەو ناوچانەدا کار بکەن کە ڕزگاربووان دەستیان پێیان دەگات،

د) ناردنی تیمی گەڕۆک بۆ کەمپی ئاوارەکان و ناوچە دوورەدەستەکان بۆ ئەوەی یارمەتی ڕزگاربووان بدات داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن،

ە) داڕشتنی پێوەر و ڕێکارەکانی وەرطرتنی داواکاری و هەلبژاردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تا لە پرۆسەی چاوخشاندنەوە بە داواکاریەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە بۆ ڕزگاربووان یارمەتی بەڕێوبەرایەتییەکە بدەن،

و) دارشتنی ئەو میکانیزمانە کە ڕێگە بەو ڕزگاربووانە دەدات کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێ بوون تا لەم یاسایە سوودمەند بن، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکاری نووسراو لەڕێی نۆیَنەرایەتیە دیبلۆماسییەکانی عێراقەوە.

ز) هەماهەنگیی کردن لەگەڵ وەزارەت و نووسینگە پەیوەندییدارەکان، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ڕزگاربووان لەژێر ئەم یاسایەدا،

ح) ڕاهێنانی ئەو کارمەندانە کە لە بەڕێوبەرایەتییەکە و نوسینگە لاوەکیەکانی کاردەکەن، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە لە لەسەر بنەمای "زیانت بۆ کەس نەبێت" کار دەکەن و ڕێز لە شکۆی ڕزگاربووان دەگرن و جیاکاریی ناکەن.

ط) ط)سازکردنی چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوە لەناو کۆمەڵگەدا بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕزگاربووان، بەو ڕزگاربووانەشەوە کە لە دەرەوەی وڵات دانیشتوون، بەرامبەر ئەو مافانەیان کە لێرەدا باس کراون، وە ڕێکارەکانی بەدەست هێنانی مافەکانیان و ئەو ڕێگانەی بۆ پاراستنیان بەردەستن

ی) ئەنجامدانی ڕاوێژی بەردەوام و کاریگەر لەگەل ڕزگاربوان بە مەبەستی وەرگرتنی سەرنجەکانیان لەسەر جێبەجێکردنی کارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە و گونجاندنی لەسەر ئەو بنەمایە

## مادەی ٤
## شایستەیی

ئەم یاسایە هەموو ئەو ڕزگاربووانە دەگرێتەوە کە بەدرێژایی ماوەی ململانێکان لەگەڵ داعشدا لە عێراق یان بۆ ماوەیەکی ئەو ململانێیە، توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییداریان بە ململانێوە بەرامبەر کراوە، ئەمەش بەبێ هیچ جیاکارییەک و بێ گوێدان بە هەر فاکتەرێکی وەک نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ڕەگەز و تەمەن و کەمئەندامی یان شوێنی نیشتەجێبوونی ڕزگاربوو یان خێزانی ڕزگاربوو.

## مادەی ٥
## قەرەبووکردنەوەی مادی

(1) ڕزگاربووان مووچەیەکی مانگانەیان پێ دەدرێت کە کەمتر نەبێت لە دوو ئەوەندەی کەمترین بڕی ئەو مووچە خانەنشینییەی لە یاسای خانەنشینیی ژمارەی ٩ی ساڵی ٢٠١٤دا دیاری کراوە. پێویستە ئەم بڕە بۆ ئەو ڕزگاربووانە زیاد بکرێت کە لە ڕێی توندوتیژی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە منداڵیان دەبێت و منداڵەکەش لای خۆیان دەهێڵنەوە. دەبێت ئەو بڕە مووچە دیاریکراوەش لەسەر بنەمای جۆر و ماوە و ئاست و لێکەوتەکانی ئەو زیانانە دابندرێت.

(2) ڕزگاربووان بەبێ بەرانبەر پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون یان یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان پێ دەدرێت. ئەگەر پێویستیش بوو، یارمەتیی زیاتر بدرێن وەک پێدانی مەڕومالات و دابینکردنی ئامێر و پێداویستیی دیکە بۆ دەستەبەر کردنی ژیانیان.

## مادەی ٦
## گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی پێشوو

(1) ئەو ڕزگاربووانەی بە ناچاری وازیان خوێندنەکەیان هیناوە مافی خۆیانە بگەڕێندرێنەوە سەر خوێندنەکەیان بەبێ ڕەچاوکردنی مەرجی تەمەن.

(2) ئەو ڕزگاربووانەی کارەکانیان لەدەست داوەمافی گەراندنەوەیان هەیە بۆ شوێنی کارکردنی پێشویان وە موچەو شایستە داراییەکانیانی ئەو ماوەیان پیدەدرێت کە رێ لە کارکردنیان گیراوە

(3) بۆ دڵنیا بوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان،پێویستە ژێرخانی ئابووریی ناوچەکانی ڕزگاربووان بنیات بنرێتەوە.

(4) پێویستە شوێن و مەزارگە ئایینیەکانی کۆمەڵگەی ڕزگاربووان دووبارە بنیات بنرێنەوە.

(5) ڕزگاربووان و ئەو ئەندامانەی خێزانەکانیان کە ناسنامەکانیان ون بوون یان ناسنامەیان نییەپێویستە بە بەخێرایی ئەو بەڵگەنامانەیان بۆ دابین بکرێت.

## مادەی ٧
## ڕاهێنانەوە

(1) خزمەتگوزاریی ڕاهێنانەوە بۆ ڕزگاربووان و ئەندامانی خێزانەکانیان دابین دەکرێت تا بتوانن بەشــــکۆوە بەردەوام بن لە ژیـان. دەبێـت ئەو خزمەتگوزارییـانەی بۆ ڕزگـاربووان و ئەنـدامـانی خێزانەکـانیـان دابین دەکرێن بەلایەنی کەمەوە ئەمانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

أ) پاڵپشـــتی **تەندروســـتیی هزری و دەروونی- کۆمەڵایەتی**، ئەوانیش لە شـێوەی چارەســەری تاکەکەســـی، یان خێزانی بکرێن و لەڕێگەی هەندێک تەکنیکی تری گونجاویشـــەوە بن کە ڕەچاوی جیاوازی کلتوری تێدابکرێت.

ب) **خزمەتگوزاریی پزیشـــکی** پێویســـتە خزمەتگوزارییە تەندروســـتییە گشـــتگیرەکان لەخۆ بگرێت و ئەمانەی تێدا بێت: تەندروسـتی سـێکسـی و پەیوەندیدار بە منداڵخسـتنەوەوە، بۆ چارەسـەرکردنی ئەو ڕێگریە جەسـتەییانەی کە بەهۆی نەخۆشـیەوە کەڵەکەبون دەبێت ئەو خزمەتگوزارییانە بەبێ جیـاوازیکردن پێشـــکەش بکرێت جا لە شـــوێنی کـارکردن بێـت یـان ڕەوانە کردنیـان بێت بۆ لای تایبەتمەندانی ئەو بوارە و پێویستە دابینکردنی بەردەوامی داوو دەرمان مسۆگەر بکرێت.

ج) **پێویسـتە خزمەتگوزاریی یاسـایی** پێشـکەش کردنی پاڵپشـتی یاسـایی بگرێتەوە لەو بابەتانەی کە پەیوەسـتە بە بارودۆخی تاک وەک ڕزگاربوو، بۆ نمونە ڕێکارەکانی دەست گەیشتن بە بەڵگەنامە یاسـاییەکان و شـایسـتەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەشـداری کردن لە ڕێکارە دادوەریاکان دژی تۆمەتباران.

د) ڕەخساندنی **هەلی خوێندن** بۆ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئاستەکانی خوێندنی باڵا

ه) پرۆگرامی **بژێوی ژیان** کە ڕاهێنانی پیشـــەیی لەخۆ بگرێت بۆ دڵنیابون لە دەســـت کەوتنی کاری گونجاو و بەردەوام بون لەســەری و پاڵپشــتی کردنی لەســەرەتای کارەکەی بۆ دەســت کەوتنی داهات.

و) **ڕاوێژکاریی خێزانی** بۆ دابینیکردنی ڕێنمایی پرۆفێشـــنەڵانە لەســـەر هەڵســـانەوەو چۆنیەتی بەرەوپێشـــبردنی بـارودۆخی جەســـتەیی و دەروونی ڕزگـاربووان ئەویش لەڕێگەی بەهێزکردن و دووبارە بنیـاتنـانەوەی ئەو پەیوەنـدییە خێزانییـانەی کە زیـانیـان بەر کەوتوە یـان پچراون بەهۆی دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە.

ز) ئاراسـتە کردنی **پرۆگرامێک بۆ کۆمەڵگە** بۆ پاڵپشـتی کردنی دوبارە تێکەڵکردنەوەی ڕزگاربوان و ئەو منداڵانەی کەلە ئەنجامی توندو تیژی سێکسی پەیوندیدار بە ململانێوە لە دایک بون، پێویستە ئەو پرۆگرامە تۆڕی پاڵپشـتی کۆمەڵایەتی بەهێز بکات لە ( هاوڕێ، دراوسـێ، کۆمەڵگە، کۆمەڵەی ئاینی....هتد ) لە ڕێگەی بە هێزکردنی تێگەیشـتن لە ڕزگاربوان و ئاگاداربون لەهەر کارێکی جیاکاری و تەقلیدی زیانبەخش

(2) پێویستە ئەم خزمەتگوزارییانە بەشێوەیەکی دروست ڕێکبخرێن و دابین بکرێن بە شێوەیەک کە:

أ) یەک بگرنەوە لەگەڵ ســـتانداردە نێودەوڵەتییەکان و باشـــترین شـــێوازەکانی پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری،


104 Zaniary Quarter- 26 / 4
Erbil, Kurdistan Region, Iraq
www.c4jr.org
info@c4jr.org

ب) لەو شوێنانەدا پێشکەش بکرێن کە ڕزگاربووان و خێزانەکانیانی تێدا دەژی،
ج) هاوتەریب بن لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ کۆمەڵگە بە فراوانی دابین کراون، (بۆ نموونە ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ ئەو هاووڵاتییە عێراقییانە دابین کراون کە ئەم یاسایە نایانگرێتەوە و سوودمەند نین لێی)،

(3) ئەوانەی خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە پێشکەش دەکەن لە لایەنی حکومەتەوە داوایان لێکرابێ (وەک نۆرینگەکان، سەنتەرە بنکە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان) و ئەو ڕێکخراوە عێراقییە ناحکومییانەی کە مێژوویەکی پەسەندکراو و باشیان هەیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاهێنانەوەی باش بۆ قوربانییانی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانەی پەیوەندیدارن بە ململانێوە لە عێراق. پێوەرو ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ریکخراوە نا حکومیە پەیوەندیدارەکان کە ڕێگەیان پێدەدرێ خزمەتگوزاریەکان پێشکەشبکەن بەڕێنماییەکی ناوەخۆیی تێروتەسەل ڕێک دەخرێ.

## مادەی ٨

## دانانی بەو تاوانە دڕندانەی  کە دژی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی کراون

(1) ئەو هێرشانەی داعش بۆ سەر ئێزیدییەکان ئەنجامی دان بە جینۆساید دادەنرێن.

(2) ئەو توندوتیژییە گەورانەی کە (داعش) دژی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق ئەنجامی داون بە تاوانی درندانە دادەنرێن بۆنمونە ڕەنگە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بژمێردرێن .

## مادەی ٩

## قایلکردن و دڵدانەوە

(1) دەسەڵاتدارانی عێراق پۆزشێکی ڕاستگۆیانە دەهێننەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە زیانیان بەر کەوتوە لە بەرانبەر نەتوانینیان بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ئەو تاوانانە.

(2) ڕۆژی 19 حوزەیرانی هەموو ساڵێک دیاری دەکرێت وەک **ڕۆژی نیشتیمانیی بنەبڕکردنی دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە** بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی لە بەرانبەر پێویستیی کۆتاییهاتنی دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە و ڕێزلێنانی ڕزگاربووان.

(3) ڕۆژی سێی ئابی هەموو ساڵێک دیاری دەکرێت وەک **ڕۆژی نیشتیمانیی زیندو ڕاگرتنی  یادکردنەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان** بۆ بەبیرخستنەوەی ئەو پێشێلکارییانەی دژی ئێزیدییەکان کران و هەروەها بۆ بەرزڕاگرتنی شکۆی ڕزگاربووان و قوربانییانی دیکەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان

(4) وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق و ئەمینداریەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە تایبەتمەندەکان ڕێوشوێنی پێویست دەگرنە بەر بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی نیشتیمانیی بنەبڕکردنی دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێکان و ڕۆژی نیشتیمانیی یادکردنەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، هەروەها دروستکردنی مۆنۆمێنت و پەیکەر و پێشانگەی تایبەت بەم بۆنە.

(5) وەزارەتی پەروەردە ڕێوشوێنی پێویستە دەگرێتەبەر بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بۆ قوتابخانەکان و کۆمەڵگەش، ئەویش بە ئامانجی بنەبڕکردنی جیاکاری و جیا تەماشاکردنی ڕزگاربووان، بەبێ گوێدانە ڕەگەز.

(6) پرۆژەی یادکردنەوە و فێرکاری بنیات دەنرێن دوای پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ قوربانییان و نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنیی و سیاسی ئەو کۆمەڵگانەی کاریگەر بونە.

## مادەی ١٠
## گەرەنتی دووبارەنەبوونەوە

(1) حکومەتی عێراق پابەندە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و دەقە یاساییانەی جیاکارییان تێدایە و دڵنیایی دەدات کە یەکسانیی فەرمی لەنێوان ژنان و پیاواندا لە هەموو بوارەکاندا دەبێت و هەر دەقێکی یاسایی لا دەبات کە لەکەدارکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی تێدا بێت، وەک ئەو دەقانەی باسی سەلماندنی دەستدرێژیی سێکسی دەکەن. ئەم پابەندبوونە چاکسازییکردن لە دەقەکانی یاسا سزایی و ڕێکاریەسزاییەکانی پەیوەست بە دەستدرێژیی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندییدار بە جۆری ڕەگەز دەگرێتەوە.

(2) لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەرکی چاوخشاندنەوە بە یاساکانی ئێستادا دەگرێتە ئەستۆ و لە بەڵگەنامەیەکی گشتییدا چاکسازییە پێویستە پێشنیارکراوەکانی دەخاتە ڕوو.

(3) لە سەروو ئەمانەشەوە، حکومەتی عێراق پەیمان دەدات کە ڕێگەی یاسایی و ڕێکاریی بگرێتە بەر تا دڵنیا بێتەوە کە توندوتیژییە سێکسی و جێندەرییەکانی ئەمڕۆ دەستبەجێ و بەشێوەیەکی کاریگەر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و دەبرێنە دادگا، هەروەها بەڵێن دەدات کە بەرنامەیەکی کرداریی نیشتیمانی هەبێت بۆ بەرەودان بە یەکسانیی پراکتیکیی نێوان ژنان و پیاوان.

## مادەی ١١
## دەستپێکی ڕێکارەکان

(1) دەستکردن بە پرۆسەی بەدەستهێنانی ئەو مافانەی لێرەدا باس کراون لەلایەن ڕزگاربوو خۆی یان سەرپەرشتی یاسایی یان بریکارێکەوە دەبێت، ئەمەش لەڕێی پێشکەشکردنی داواکاریەکی نووسراو بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە یان ئەو نووسینگانەی دەسەڵاتی ئەو کارەیان پێ دراوە. دەکرێت داواکاریەکانیش بەزارەکی پێشکەش بکرێن و لەلایەن فەرمانبەرانی بەرێوەبەراتیەکە یان نوسینگە لاوەکیەکان تۆماربکرێن.

(2) ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی کە ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ ڕزگاربوواندا هەیە، ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریەکان یارمەتی رزگاربوان بدەن بە ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکان بۆ ڕزگاربووان و یارمەتیدانیان لە پڕکردنەوەی فۆرمە پێویستەکان و بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکان یان بەڵگەی تر و پێشکەشکردنی داواکاری نووسراو بە بەڕێوبەرایەتییەکە و تێهەڵچوونەوە لە حاڵەتی

بڕیارێکی نەرێنییدا. پێوەرەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەم مەبەستە لەڕێی ڕێنمایی ناوخۆی جیاوە دەبێت.

## مادەی ١٢
## ناوەڕۆکی داواکاریەکە

ئەو داواکاریەی لە مادەی ١١ ی ئەم یاسایەدا ئاماژەی پێ دراوە دەبێت ئەمانە لەخۆی بگرێت:

أ) ناو و زانیاریی کەسیی ڕزگاربوو
ب) وەسفێکی جۆری کردارەکانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە کە بەرامبەری کراون
ج) هەموو بەڵگە بەردەستەکانی پەیوەندیدار بە کرداری توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە

## مادەی ١٣
## پێویستییەکانی سەلماندن

(1) قورسایی سەلماندن و یاکلایی کردنەوەی داواکانریەکانی ڕزگاربووان لە ئەستۆی بەڕێوبەرایەتییەکەدایە کە دەکرێت هەموو بەڵگە بەردەستەکان بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی داواکاریە پێشکەشکراوەکەی ڕزگاربووەکە بەکار بهێنرێن، لەوانە وتەکانی ڕزگاربوو و شایەتیدانی شایەتەکان و ڕاپۆرتی پزیشکی و بەڵگەنامە و نامە و ئەو داتایانەی لایەنە حکومییەکانی دیکە کۆی کردوونەتەوە و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕاپۆرتە میدیاییەکان و سەرچاوەی کراوەی زانیاری.
(2) بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی داواکاریەکانی ڕزگاربووان، تۆمارەکانی توندوتیژیی سێکسی بەردەست و پەیوەندیدار بە ململانێوە کە لایەنە حکومی و ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراق کۆیان کردووەتەوە بەکار دەهێنرێن ، پێش بەبەڵگەکردن یان هەر کۆکردنەوەیەکی تری بەڵگەی زیاتر.
(3) پێویستە قورسایی سەلماندن بەشێوەیەکی لەبار بمێننەوە و بارێکی زیاد لە پێویست گران ناخەنە ئەستۆی ڕزگاربووان.
(4) لەکاتی سەلماندني توندوتیژیی سێکسی نابیت هێچ ڕێکارێکی پزیشکی یان هەر ڕێکارێکی تر کە ببێتە هۆی مامەڵەی نامرۆڤانە یان بێزێزانە یان هەر مامەڵەیەک کە ڕزگاربووان لەکەدار بکات، لەوانە پشکنینی پاکیزەیی، بگیرێتە بەر.

## مادەی ١٤
## دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکان

دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکان بەپێی ئەم یاسایە بریتیە لە پێنج ساڵ لە ڕێکەوتی کەوتنە بواری جێبەجێکردنیەوە دەبێت. لەدوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، کە چوار ساڵ دوای جێبەجێکردنی یاساکە دەبێت،

دەکرێت بەڕێوبەرایەتییەکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هەموو ڕزگاربووان بتوانن داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن دوا وادەی یەکەم جار بۆ پێنج ساڵی دیکە درێژ بکاتەوە. بڕیاری درێژکردنەوە دەبێت پێش بەسەرچوونی دوا وادەی پێنج ساڵی یەکەم بدرێت.

## مادەی ١٥

## بڕیاردان لەسەر داواکاریەکان

(1) بەڕێوبەرایەتییەکە بە شێوەی نووسراو بڕیار لەسەر ئەو داواکاریانە دەدات کە ڕزگاربووان بەپێی مادەی ١١ ی ئەم یاسایە پێشکەشیان کردوون.

(2) دەبێت بڕیارە نووسراوەکە لەماوەیەک کە لە سێ مانگ لە دوای ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاریەکە زیاتر نەبێت،دەربچێت

## مادەی ١٦

## زانینی مافەکان

ئەو ڕزگاربووانەی داواکاریەکانیان بە بڕیارێکی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتییەکە قبووڵ دەکرێن پێویستە لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارە نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە، ڕێی ئەوەیان پێ بدرێت دەستیان بگات بەو ڕێوشوێنانەی لەم یاسایەدا باس کراون.

## مادەی ١٧

## تانە لێدان

(1) ڕزگاربووان مافی تانە گرتنیان هەیە لە بڕیارە نوسراوەکانی بەرێوەبەرایەتیەکە

(2) پێویستە تانە گرتن بەشێوەی نوسراو ئاراستەی دەستەیەکی پلە دو بکرێت لە ماوەیەک کەلە شەش مانگ تێنەپەڕێت دوات وەرگرتنی بڕیاری نوسراوی بەرێوەبەرایەتیەکە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن ڕزگاربوەکەوە.

## مادەی ١٨

## وەستانی پێشێلکارییە هەنووکەییەکان

(1) دەســـەڵاتـدارانی عێراق بە شـــێوەیەکی کـاریگەر بەردەوام دەبن لە گەڕان بەدوای ڕزگـاربووانـدا و هەڵدەستن بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەک  بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی هێشتاش ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسیی دەبنەوە سەبارەت بەوانەش کە مردوون، ئێسک و پروسکیان بگەڕێننەوە بۆ خێزانەکانیان بۆ ئەوەی لە ڕێوڕەسمی شایستەدا بەخاک بسپێردرێن.

(2) پێویستە داتابەیسێک دروست بکرێت و ئەو زانیارییانەی تێدا بێت کە بەدەست هاتوون لەسەر کەسانی بێسەروشوێن، بە هەمان شێوە هەموو زانیارییە کەسییە پێویستەکان و نموونەی دی ئێن ئەی خزم و کەسوکاری کەسانی ونبووش. ئەمە سەرەرای دانانی خاڵی پەیوەندی و دانانی بودجەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە. پێویستە خاڵی پەیوەندی بەلایەنی کەمەوە مانگی جارێک دوا زانیاریی بداتە خێزانی ونبوان. دروستکردن ڕێکخستنی ئەم داتابەیسە لە ڕێنماییەکی جیا ڕێک دەخرێت.

(3) وەک بەشـــێـک لە بڕیـاری قەرەبووکردنەوە، دوای پێشـــکەشـــکردنی بەڵگەی تەواو، ئەو خەرجییە دەگەڕێندرێنەوە بۆ کەسوکاری ڕزگاربووان کە لە ماوەی کردەکانی ڕزگارکردندا دەیانکەن.

## مادەی ١٩

## ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە لەدایک دەبن

(1) سـەبارەت بەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەسـتدرێژیی سـێکسـیی پەیوەندیدار بە ململانێوە لەدایک بوون، دەبێت گرنگترین شت لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی باڵای منداڵەکە بێت بە پێی بنەمای منداڵی. دەشێت جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە، بەپێی دۆخەکان گۆڕانکاریی بەســەردا بێت بەڵام پێویســتە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێ:

أ) مـافی ژنـانی ڕزگـاربووە کە منـداڵەکـانیـان لەســەر نـاوی خۆیـان تۆمـار بکەن و مـافی تەواوی سەرپەرشتی منداڵەکانیان هەیە

ب) مـافی ژنـانی ڕزگـاربووە کە ئـایینی منـداڵەکـانیـان دیـاری بکەن، ئەمەش وەک حـاڵەتێکی بەدەر لە بڕگەی دووەمی مادەی ٢٦ی یاســای کارتی نیشــتیمانی ســاڵی ٢٠١٥ کە تیایدا هاتووە کاتێک منداڵێک لە دایک و باوکێکی مسوڵمان لەدایک دەبێت، خۆیشی هەر وەک مسوڵمان تۆمار دەکرێت.

ج) پشـــتگیریکردنی ژنـانی ڕزگـاربوو لە هێشـــتنەوەی منـداڵەکـانـدا لای خۆیـان و هەروەهـا لە بەخێوکردنیشیاندا،

د) گواســـتنەوەی ئەو ژنە ڕزگاربووانەی دەیانەوێت لە وڵاتێکی تردا چاودیری منداڵەکانیان بکەن و ، بەمەرجێک خۆیان بەڕوونی داوای گواستنەوەیەکی لەوشێوەیە بکەن.

(2) دادگایەکی بەرایی لە پارێزگای دهۆک دادەمەزرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە مەدەنییەکانی ئەو منداڵانەی لەئەنجامی دەسـتدرێژیی سـێکسـیی پەیوەندیدار بە توندوتیژییەوە لەدایک بوون. پێویسـتە دادگاکە ئاسانکاری لە ڕێکارەکاندا بکات و لە هەموو کاتێکیشدا لەسەر بنەمای باشترین بەرژەوەندیی منداڵەکە و سەلامەتی و خۆشگوزەرانیی ڕزگاربووان کار بکات.

## مادەی ٢٠

## هیچ لێبوردنێک بۆ تاوانباران نییە

ئەنجامدەرانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە هیچ لێبوردنێکی گشتی یان تایبەتی نایانگرێتەوە.

## مادەی ٢١

## دادپەروەریی

(1) ڕزگاربووان و شایەتحاڵەکان یارمەتیی یاسایی بێبەرانبەریان بۆ دابین دەکرێت و ڕێوشوێنی پێویست دەگیرێتە بەر بۆ پاراستنیان لە ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە تاوانەکاندا، هەروەها یارمەتیی دەرونی-کۆمەڵایەتیان بۆ دابین دەکرێت.

(2) بەڕێوەبەرایەتییەکە پشتگیریی ئەو هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانە دەکات کە دەدرێن بۆ هێنانی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا، ئەویش لەڕێگەی چوونەناو ئەو پرۆتۆکۆڵە فەرمییانەی کە پەیوەستن بە هاوکاری و هاوبەشپێکردنی داتا و بەڵگەکان ئەوەش دوای ڕەزامەندی ڕزگاربووان و لەبەرچاو گرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی ڕزگاربووان.

## مادەی ٢٢

## جێبەجێکردن

(1) نابێت هیچ شتێک لەم یاسایەدا وا لێکبدرێتەوە کە ئەو مافانە لاواز دەکات یان پێشێل دەکات، کە پێشتر لەلایەن یاسای ناوخۆیی دیکە و یاسای نێودەوڵەتییەوە جێگر کراون، بۆ نمونە دەست کردن بە ڕێکارە سزاییەکان دژی تاوانباران و بەشداری کردن تیایاندا و داواکردنی سود وەرگرتن لەدادگاکانی ترو پرۆگرامە کارگێریەکانی تر

(2) ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا توندوتیژیی سێکسیی ، کە لێرەدا پێناسە کراوە، وەک تاوان سەیر دەکرێت یان وەک پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتی یان یاسای عێراقی.

(3) ئەو مافانەی لێرەدا باس کراون شایستە دەبن بێ گوێدانە ئەوەی ئایا کەسی ئەنجامدەری دەستدرێژییە سێکسییەکە ئاشکرابوو و دەزانرێت کێیە یان نا، دەست بەسەر کراوە دادگایی کراوە یان نا ئیدانە کراوە یان نا ، هەروەها بەبێ گوێدانە ئەو پەیوەندییەخێزانیەی لە نێوان ئەنجامدەری تاوانەکە و ڕزگاربوودا هەیە.

## مادەی ٢٣
## خستنەبوای جێبەجێکردنەوە و لایەنی دارایی

(1) ئەنجوومەنی وەزیران رێنمایی پێویست بلَاو دەکاتەوە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەویش بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووان، ئەو کۆمەڵگە و گرووپانەی کاریگەری تاوانەکانیان چەشتووە، و کۆمەڵگەی مەدەنی.

(2) جێبەجێکردنی ئەم یاسایە مسۆگەر دەکرێت بە تەرخانکردنی برگەیەکی سەربەخۆ لە بودجە بۆ پارەدار کردنی رێکارەکانی پەیوەست بەقەرەبو لەم یاسایە، لە بودجەی نیشتیمانی سالانەی کۆماری عێراق.

أ) ئەنجوومەنی وەزیران خەمڵاندنێکی سەرەتایی ئەو خەرجییانە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان پێویستیی پێیانە بۆ ئەوەی دابمەزرێ و دەست بە کارەکانی بکات

ب) بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان سالانە ئەو بودجە خەمڵێنراوەی پێویستیەتی بۆ پارەدار کردنی ڕێکارەکانی ئەو قەرەبووانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەداتە ئەنجوومەنی وەزیران

ج) سالانە وردبینی سەربەخۆ بۆ تۆمارە داراییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکرێت. پێویستە ڕاپۆرتی وردبینی دەرەکی بڵاو بکرێتەوە و بەشێوەیەکی فەرمیش بدرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران.

## مادەی ٢٤
## چوونە بواری جێبەجێکردنەوە

ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمی.

التحالف
للتعويضات
العادلة

C4JR

Coalition
for Just
Reparations

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

## هۆکاری دەرچواندنی ئەم یاسایە

لە ساڵی ٢٠١٤ەوە تا ساڵی ٢٠١٧، کاتێک کە دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و سوریا، ناسراو بە (داعش) بەشێوەیەکی کاریگەر دەستی گرت بەسەر چەند ناوچەیەکی عێراقدا، چەندین پێشێلکاریی گەورە لە یاسای مافەکانی مرۆڤ و یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوویان دا و پێشێلکاریی بەرانبەر خەڵکی کۆماری عێراق ئەنجامدرا. چەکدارانی داعش بەتایبەتی هەندێک کۆمەڵگەی نەتەوەیی و ئایینیی ناو عێراقیان کردە ئامانج وەک ئێزیدییەکان، مەسیحییەکان، تورکمانەکان، شەبەکەکان، کاکەییەکان و تاوانی گەورەی دەست درێژی سێکسییان بەرامبەر کردن کە دەگەنە ئاستی تاوانەکانی وەک تاوانی جینۆساید.

دەسەڵاتدارانی عێراق ئامادەن، هەرچی لە توانایاندا بێت بیکەن تا ڕێگە بگرن لە دووبارەبوونەی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە ئەویش لەڕێگەی بروەدان بەو بنچینانەی پەیوەندیدارن بە مافە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤەوە و دیاریکردنی مافەکانی ڕزگاربووان و قوربانییانی دیکە بۆ قەرەبووکردنەوە.

لەڕێگەی دەرچواندنی ئەم یاسایەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق هەوڵی ماندونەناسانەی ئەو ژنە ڕزگاربوانەی دەستی پێشێلکاریەکانی پاڵپشت بە جیاکاری جێندەری، بەرز دەنرخێنێت بەتایبەتی ژنانی ئێزیدی، کە وایان کرد سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان مافی قەرەبوکردنەوە بۆ قوربانیان رەچاو بکەن.

بەم یاسایە، دەسەلاتدارانی عێراق ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە لەسەر شانیاین بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، ڕێککەوتننامەی هاوبەشی نێوان کۆماری عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ڕێگەگرتن و نیشاندانی کاردانەوە لەبەرانبەر دەستدرێژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێوە (٢٠١٦)، پلانی نیشتیمانی عێراقی ٢٠١٤-٢١٨ بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ای تایبەت بە ژنان، و ئاشتی و ئاسایش، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر "ژنان، ئاشتی، ئاسایش": ١٣٢٥ (٢٠٠٠)، ١٨٢٠ (٢٠٠٩)، ١٨٨٨ (٢٠٠٩)، ١٨٨٩ (٢٠١٠)، ١٩٦٠ (٢٠١١)، ٢١٠٦ (٢٠١٣)، ٢٢٤٢ (٢٠١٥)، ٢٤٦٧ (٢٠١٩) و ٢٤٩٣ (٢٠١٩)، هەروەها ئەو ڕێککەوتنانەی تایبەت بەمامەلەی ناوخۆیی مافەکانی مرۆڤ کە عێراق بەشدارە تیایاندا وەک (ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لەسەر مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە و مامەڵە و سزای دیکەی دڵڕەقانە و نامرۆڤانە و شکۆشکێن، ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵان، ڕێککەوتننامەی کۆتاییهێنان بە هەموو شێوازەکانی جیاکاریی دژی ژنان، ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە ونکردنی بەزۆر، هتد.)